# کۆدی وابەستەبوونی ڕن بە کۆمپانیای هاوردە و بردەی سیاسەتی کوردییەوە

**کازیوە ساڵح**
k.saleh@hotmail.com

**سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان کۆمپانیای هاوردە و بردەی مرۆڤە,کارخانەیەکی بەرهەم هێنەری تەندەری بازرگانی و بازرگانی سیاسیە لە مەیدانی ئەو شرۆڤە مرۆیەدا لەم سەدەی دواییدا تاکەکانی ڕۆژئاوا زیاتر پابەند و سەرقاڵی کۆمەڵی دلالەتی مرۆیی و دروستکردنی دەزگای مەدەنی و مرۆیی بەرفراوانتر بوون لەوەی لە سەرجەم سەدەکانی ڕابردوودا هەبوون . دەکرێت هانا بردنی مرۆڤ بۆ چەمکەکانی زەق کردنەوەی مرۆڤ بوون و پاراستنی مرۆیی بوون , لە چوارچێوەی جیاوازدا ,هانا بردن بووبێت بۆ خۆقوتارکردن لە ترسی لێ سەندنەوە و لووشدانی بەها مرۆیی و عەقڵی و رۆحیەکانی مرۆڤ لە لایەن ئەو شارستانیەتە تەکنەلۆژیەی ئەمرۆ عەقڵ و هۆشیار و کاری مرۆڤی لە کارخستووە لە کارابووندا , ڕێگە بە دووبارە هاتنە کایەی هۆشیاری خاو و هۆشیاری چەق بەستوو نادات ببێتەوە بە سیمبولی ڕێنمایی ژیان , لە زۆر باریشدا بەهای بۆ عەقڵ هۆشی مرۆڤ نەهێشتوە لە بەکارهێناداو تەکنەلۆژیا لە بری ئەو بیردەکاتەوە و دەرئەنجامی هاوکیشە قورسەکان دەدات بە دەستەوە .هەتا هاوکیشەی نێوان تەکنەلۆژیا و مرۆڤ ئاڵۆز دەبێت , هاوکیشەی نێوان تەکنەلۆژیا و کایە سیاسیەکان ئاسانتر و کاراتر و بەرژەوەندخوازتر دەبێت , ئەوەش وایکردووە زۆر ئاسایی بێت سیاسەتی جیهان یەك کۆمپانی بیبات بەڕێوە کە تۆفیسی سەرەکی لە ئیسرائیلە و ئۆفیسی جێگریش لە ئەمەریکا و سەرجەم وولاتانی جیهانیش نووسینگەی لاوەکی ئەو کۆمپانیا بن , ئەو فەرع بوونەش وایکردووە لە سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە گەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت سیاسیەتی دژایەتی و بەرگری بێت بەرانبەر نووسینگەی سەرەکی و بێ بەری خۆی پیشان بدات لێی بەلام لە ناوەڕۆکدا سیاسەتی لە خۆبایی بێت , چونکە گەرچی لەو زلهێزە تۆقیوە لە ساتێکدا لە بەرداشی نەریەکدا بیهاڕێت , بۆیە هاولاتیانی خۆی هاندەدات بۆ دژایەتی و بەرگری , لە هەمان کاتدا خۆی بە خاوەنی خودی نایاب " ئیمتیازی " دەزانێت کە وەکو فەرعێکی جێ بەجێکاری فەرمان ئاوڕی لێدراوەتەوە ., تا ئاستێك ئەو فەرع بوونە متمانەی مانەوەی لە ناوخۆدا بە هێز کردوون , واتە ترسیان لە شۆڕشی ناوخۆ و نارەزایی ناوخۆ نەماوە , ئەو خود ئیمتیازیەش لە گەڵ ئاوڕدانەوەدا بە ئاشکرا سیاسەتی میسری و سعودی و عیراقی وەگێر هیناوە لە گەڵ خودی خۆی.**

**سیاسەتی کوردی کە خاوەنی جیهانبینیەکی گەش و کەسەیتیەکی سەنگین نیە لەو مەیدانەدا , لە هەموو ڕووە ستراتیژی و میللیەکان دۆڕانیان بە دەست هێنا جگە لە خۆ دەوڵەمەند کردن و ناوبانگ دەرکردن لەوەی باشترین گوێ ڕایەڵی نووسینگەی یەکەم دووەمن , هەر کەسیش وەکو ئەوان بێت قەرەبووی ئەو گوێ ڕایەڵیی دەکرێتەوە بە پێدانی کورسی تەنها بۆ خۆی نەك بۆ نەتەوەکەی , تا ئێستا لەو سیاسەتە جیهانیەی بەرانبەر بە گۆڕینی ستراتیژ و سیاسەتی رۆژهەلات هەیە , ئەوان نەیانتوانیوە پاش وەدەستهێنانەکانی خۆیان کورد بکەن بە خاوەنی شوناسێکی جیاوازتر و ژیانێکی لەوەی هەییووە ,بەڵکو هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە بۆ ژیانێکی بە ئەرکتر و گرانتر لە جاران .**

**لە ڕووی سیاسیشەوە بەرانبەر باشوور وبە بەشەکانی دی کوردستانی گەورە, ئەرکی ئەوان لەوەدا نەبوو , ڕاستیەکی نوێ لە کەرت بوونی کوردستان و مافە ڕەواکانی بدۆزنەوە بەڵکو ئەوەبوو جەختی نوێ لە سەر ڕاستیە زانراوو و گووتراوەکان بکەن , بەلام وەکو لە دەرەوەی ئەو ئەرك مۆراڵە نەخشەی خۆیان کێشا , زیانێکی گەورەشیان لە کەسەیەتی سیاسی کوردیش دا, بەوەی هەر دوژمنێکی کورد بە کوردی پارچەکانی دی گووتبێت تیرۆرست , ئەوانیش دەست لە دەستی دوژمنەکە گوتوویانە بەڵی تیرۆرستن , بەلێ پێویستە لە ناوبرێن و دژایەتیان بکرێت, دوور نیە لە کاتێکی نزیکدا دەسەلاتدارانی کورد لە گەڵ**

دوژمنان و فرکەرانی کورد چیاکانی کوردستان بگرن و کوردی پارچەکانی دی لە ناوبەرن .بە هەموو پێوەریەك باشترین هەل لە مێژووی کوردا بۆی ڕەخسابێت ئەم هەلەی ئێستایە , ئەوەش بوو بە خۆراکی دۆڕانێکی بی کودەتا . چونکە لە بنەمادا سیاسەتی کوردی نەیتوانیوە ڕاڤە و نوێکردنەوە و داهێنان بکات .

## ژن لە هاوکێشەی دەسەلاتی سیاسی کوردیدا .

ژنی کورد لە سالی 1919 خاوەنی بەهرەی بەرگریکردن و بەڕێوەبردن بووە , بووە بە خاوەنی ڕێکخراوی خۆی بەلام وەکو چەند جارێك ئاماژەم پێکردووە , کارەکانی زیاتر بۆماوەیی پیاوانی عەشیرەت و خێزان بووە , زیاتر چالاکیەکانی لە ژێر دەسەلات و چاودێری و ڕەزامەندی پیاودا بووە . لە نێو شۆڕشی نوێ و بزوتنەوە ناسیۆنالستەکانی کوردیشدا ژن خاوەنی بەهرەی لەوە زیاتر نەبووە , کە لە ڕابردووە هەیانبووە , لە ئێستادا سەرچاوەی دروستم لە لا نیە بزانم بە وردی لە چ سالێکدا حزبی شیوعی کوردستان ڕێکخراوی ژنانی دامەزراند و لە چ سالێکدا پارتی دیموکرات بە هەمان پرۆسە هەستا , بەلام بە پێی سەرچاوەیەك کە خۆی لەو زەمەندا لە نێویاندا کاری کردووە , لە سالی پەنجاکاندا کە حزبی شیوعی کوردستان ڕێکخراوی ئافرەتانی دامەزراند , پارتی دیموکراتیش ڕێکخراوی ئافرەتانی دامەزراند بۆ دژایەتی کردنی ئەوان , گوایە شیوعیەت دژی ئاینە و ئەوەشی دژی ئاین بێت دژی بنەمالە و داب و نەریتی و ڕەوشتی کوردەواری دەکات و پێویستە دژایەتیان بکرێت . بێ گوومان گەر پارتیش لە هەر سالێکدا ڕێکخراوی ژنانی هەبووبێت , یا یەکیەتی بە سالانێکیش دوای ئەو بێت , پێویستە ببێت بە خاوەنی هەموو ئەو ئیمتیاز و فاکتەرانەی لەودا هەیە .گرنگ نیە تا چەند ئەوەی سەرەوە وەکو ڕووداو وەکو تیور ڕاستە گرنگ ئەوەیە وەکو پراکتیك هەتا ئەمرۆش هەروا کەوتوەتەوە , سیاسەتی کوردی هێندەی ژنی وەکو ریکلامکردن و خۆبانگەشەکردن لە نێو ڕێزەکانیدا ڕاگرتووە , وەکو مرۆڤێك و بەشی گەورەی کۆمەلەکەی جێگەی نەکردوەتەوە , سیاسەتی کوردی ئەوەندەی ئامرازی زبری نێوان ژنان بووە ریزەکانی تێك داوون و کردوونی بە ماتانێ کاتی یاریە پێویستەکان , ئەوەندە زانستێ ڕێکخەرە کۆمەلایەتیەکان و هەلگری چارەسەری نەبووە , سیاسەتی کوردی هێندە لە کایەیەکی بەتالی سیاسی , کۆمەلایەتی و رۆشنبیریدا کاردەکات , نیوهێندە هەلگری هەولی لە نزیك بوونەوەی مەعریفەی خویندنەوەی کۆمەل و نەزمی سیستمی بەرێوەبردنی مەدەنیانە نەداوە . ئەوەی ئەمرۆ بازرگانانی مرۆڤایەتی لە رۆژئاوا جەستە و رۆحی ژنان بۆ ریکلام بە کاردەهێنن دوو هێندە بازرگانانی سیاسەتی کوردی ناوی ژن و کەرامەت وماف و کایەکانی ژیانی بۆ ریکلامی خود نایابی بە کاردەهێنن .جگە لە بەکارهێنانیان بۆ بەرگرتن لەو ژنانەی بە شێوەی تاکرەو دوور لە هات و هاواری بەتال کار دەکات و دەیەوێت فشار بخاتە سەر دەسەلات واز لە کونتراکتی ریکلامی ژنان بهێنێت کە نیو سەدە زیاترە کاری پێدەکات لە نێو کۆمپانیای هاوردە وبردەی سیاسی خوێدا , لەو شوێنەی پێویستی پیەتی فرێدەداتە کایە جیا سیاسی و کۆمەلایەتی و مرۆیەکانەوە و گۆلێکی لە کۆمەل یان حزبی بەرانبەر پێدەکات و پاشان بە چەپۆکێك دەگەڕێنیتەوە سەر ئەو هێلە سوورەی بۆی کیشاوە و خۆی بۆی نیە نەخشەکەی بگۆرێت . ئەوەش کارێکی زۆر ساکاری سیستمە فیودالیزم و ناسیونالستەکانی جیهانە .ئەو دوو سیستمەی ئەبستراکتیکی زهنیان ئەتك کردنی ژنان و هێشتنەوەیان لە قەوارەیەکی عەقلی دەستنیشانکراوودا بیری میتافیزیکی و سروشت و بونیادی فەراهەم دێنێت .

## کۆدی وابەستەبوونی ژن بەو جۆرە کۆمپانیاوە .

ژنان ئێجگار هێندە دەست و سانی نا هۆشیاری نین , ئەو بارودۆخەی خۆیان و بەهایان لای دەسەلاتدارانی کورد نەخوێننەوە و نەزانن بە چ ئاقاریەکیاندا دەبەن , بەلام لە خوێندنەوەیان بۆ خۆیان متمانە نەبوونیان بەوەی خاوەنی بریاری گونجاوبێت بۆ بریارە گەورەکانی تر , ترسان لە ناساندن و رووخستنی جەوهەری خۆی .هێشتا ئەوەندە باوەری بە خۆی نیە کە بزانێت بە بێ هەبوونی فریاد ڕەس بە بێ هەبوونی ئەو بوونەوەرەی کە بەهێز و ئەویش بە لاواز و دروست بوو لە پێناو بوونەوەرە

بەهێزەکەدایە, خاوەنی هیچ گووتار و بەهایەکە . ژنێك متمانەی بە توانا و هۆشیاری خۆی هەبێت , بزانێت خاوەنی گووتاری کاریگەرە , ناچێتە ژێر ڕکێڤی سیستمی فیودالیزمەوە , لە کاتێکدا بوونی ئەو بە نەما ئەو جۆرە سیستمە دەسەلمێت و ئەوەی شوناسی ئەوی لە مرۆڤی تەواوە گۆڕیوە بۆ نیوە مرۆڤ و چارەکە مرۆڤ ئەو سیستمەیە چۆتە ژێر ڕکێڤی , بەو شێوەیە بوونیادی قەوارەیەکی ئەبستراکتی دەستکردن لە مۆزەخانەی حزبدا .

ئەوان باوەڕیان بە داکۆکیکاری ژن بوون و تەنانەت فیمینیست بوونیش هیناوە , چونکە پێیان وایە ئەو دوو چەمکە بەو شێوەی لە قەوارەی ئەو حزب و دەسەلاّتەدا بۆی داڕێژراوە کاری پێبکات دروستە و لەوە زیاتر نیە , بەلاّم بە تەواوی وەکو ئاکاری ئەو ژنە ریکلامیانە دێتە بەرچاوم کە کۆمپانیا رۆژئاوایەکان بۆ فرۆشتنی کالاّیەك بە کاریان دەهێنن و پێیان دەلێن ,زیرەکە , پڕ جوڵەیە , کەشخەیە لەخۆگۆڕیندا ,بە 30 چرکە ماکیاژ تەواو دەکات , فلاّن پرۆداکت بە کار دەهێنێت, , فیمنیستە . یاخود لەش فرۆشی ژنان یاساغ دەکەن و سەر شەقامەکان بە پۆلیسی نهێنی دەگرن بۆ بنبڕکردنی , لە هەمان کاتدا ئەو کۆمپانیا بازرگانیانەی بازرگانی سێکسی بە ژنانەوە دەکەن و باجی سالاّنە دەدەن بە حکومەت , مۆڵەتی ڕەسمیان دەداتیّ و پارێزگاریشیان دەکات .ژنی کوردیش , گۆیّ ڕایەڵە , بیّ دەنگە , بیّ گووتار و بیّ بریارە , ناسکە و هەرگیز هەست و ناوی حزب ناڕوشێنێت ,قسەیەك ناکات دڵی پیاو برەنجێنێت نەك داواکارانی لە دەست بدات , جا با ژن ببێت بە قوربانی عەقڵی فیودالیزم وریکەوتی عەشایەر گەری دەست بە کلاّوی خۆییەوە دەگرێت با نەییات ,لە کاتی ویستی حزبدا گورزی کوشندە لە ژن دەوەشێنێت , چاوی بەو ژنانەدا هەڵنایە تاکرەوانە و لە دەرەوەی حزب کار دەکەن , شوو بە پیاوی ژندار دەکەن , فیمینیستن . پێدەچێت ژنان نەیانەوێت بگۆڕێن و بەرژەوەندیان لە مانەوەی ئەو عەقلاّنیەتە ئامرازییەدا ترۆپکی ڕاستیەکان بگەیەنێت .

## داواکاری فیمینستی فیودالیزم لە دەسەلاّتی فیودالیزم .

ژنانی کورد وەکو ئەوەی هەتا ئێستا نرخی خۆیان و ژنیان لای دەسەلاّتی کوردی نەزانیبێت و جەوهەری کارکردنی هەردوو لا دەسەلاّت و ژن لە نێو کۆمەڵی کورددا ئاشکرا نەبووبێت , پاش پازدە سالّ ئەزموونی گەڕۆکی دەسەلاّت و کیشەی ژن , ئێستاش ڕۆژانە داوکاریەکانیان بەرزدەکەنەوە بۆ بەزەیی پێداهاتنەوە و بەها بۆ دانان و کورسی و پۆست پێدان , لە کاتی دیاری کردنی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان و عێراقیشەوە , زۆرێك گلەیی و گازەندە دەدرێت بە گۆیّ دەسەلاّتدارانی کورددا سەبارەت بە نەبوونی ڕێژەی گونجاوی ژنان لە ناوەندەکانی دەسەلاّت و کابینەی نویّ دا .وەکو خۆم ئەو مەسەلەیە سەغڵەتی نەکردووم و گازەندەش لە کەسیان ناکەم کە بۆچی لە بری بەرەوپێشبردن ژنان و زیادبوونی ژمارەیان بەراورد بە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی کوردی و لە کابینەی کوردستاندا و هێندەی بیّ بەشی و چەوساندنەوەی ژنان لە کابینەی عێراقدا , چونکە وەکو پێشتر گووتم ,لە بنەمادا هەڵبژاردنی ژنان لە نێو دام و دەزگاکانی دەسەلاّتی کوردی و لە لایەن عەقڵیەتی کوردییەوە هیندەی وەکو خۆ ڕاگەیاندن و بانگەشەی ڕاگەیاندنەکان بووە, تێگەشتن و باوەڕبوونیان بە ماف و توانا و هاوبەشی ژنان نەبووە لە ژیانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی , ئەوان ژنیان کردبوو بە کارتێك یەك بەوی دیان بلێت من پێشکەوتووترم و مۆدێرنترم ,ئەوی بەرانبەر عەشیرەتگەرترە ئەویش بە کیّ بڕکێی ژمارەی ژنان بۆ ئاستێکی زیاتر لەوەی لای ئەوی بەرانبەر هەیە , ئەمڕۆ ئەو کیشە و کیّ بڕکیەیە نەما .بەلاّم سەغڵەتم بەوەی ژنان واز لەو دەسەلاّتانە ناهێنن و هەڵویستێکی ڕوون و یەکجاریان نیە , تەنانەت گەر جاران بەرگریکارێك یان یاخێکی تاکڕەو لە دەرەوەی فەوزای ڕێکخراوەکان دەردەکەوت , ئێستا سالاّنێکە ئەو ترسوکەیەش زۆر کالّ دەبینرێت . .ئەوەش چەند ڕاستێك دەسەمێنن .

1- نەبوونی ئەو مەرجانەی ژن بتوانێت بوونی خۆی و جەوهەری خوی تێدا بەرجەستە بکات. نەبوونی جەسارەتیش بۆ ئاشکرا کردنی .

2– ژنان نەیانتوانیوە خۆیان لە عەقلی فیودالیزم ڕزگار بکەن و بەشێکی کارکردنیان بۆ مانەوەیەتی ,بۆیە هێشتا هێندە پابەندی بوون توانای خوێندنەوەیەکی دروست بە دەنگی بەرز خوێندراوەیان نیە بۆی .

3–هۆشیاری ژنان هەتا ئێستا هۆشیاری بەرهەم هێنەر نیە هۆشیاری ئیستهلاکیە
4– هۆشیاری سیاسی و هۆشیاری ژن , هەردولا نەیانتوانیوە بەها سیاسیەکان و کالا لە یەك جیابکەنەوە .
5–ئەو ژنانە بە مەبەستی گۆڕینی هەل و مەرج و سیستم نەهاتوونەتە بوارەوە , بەڵکو هێشتا نەشیانتوانیوە خۆیان لەو دوو فاقیە ڕزگار بکەن ئەوان دژی ئەو سیستمەن یان قوڵ بوونەتەوە تێدا و ئیدمانیان لە گەڵ کردووە .
6– ڕوناکبیران , مافخوازان و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ , هۆشیاریان نەگەشتووە بە ئاستێك کیشەی ژن بە ڕێگری سەرەکی هاوچەرخ بوونی کۆمەڵی کوردی بزانن , بۆیە جەخت و پێداگرتنیان.

**ژنانی شارستانیەتی تەکنەلۆژی و ریکەوتنی عەشایەرگەری .**

پاش ئەوەی سەرانی کورد و ئەوانەی وەکو بان سۆسیالست ریکلام بۆ خۆیان دەکەن , جورئەتی ئەوەیان کرد , خوینی ژنانی کوژراو و هەوڵی ژنانی زیندوو بکەنە بۆتەی عەشایەرگەرییەوە ,شەرمەزاری گەورەیە ئیتر ئەو ژنانەی لە نێو ریکخراوە حزبیەکاندا کار دەکەن , جگە لە کاری کۆمیتە حزبیەکەی خۆیان باس لە مافی ژن و کیشەی ژن بکەن , ئەوانیش وەکو سەرانیان ریکلام بۆ خۆیان بکەن . ژنانی کورد پێویستە لێپرسینەوەیان بەرانبەر ژنانی ریکخراوەکانیش هەبێت ئایە ئەوان پرسی پێشینەیان پێکراوە لە وەها پرۆسەیەکدا , بۆیە بێ دەگیان هەڵبژاردووە ؟ وامدەزانی کارێکی لەو جۆرە سەرجەم ژنانی کورد دەڕژێنتە سەر شەقامەکان و نەك هەر سزای تاوانبار قورستر دەکەن , داوای دەستکێشانەوەی سەرداری عەشیرەتگەریش دەکەن , وامدەزانی ئیتر کاروباری خۆمان بۆ ناچێت بەڕێوە بە هۆی ئەو هەموو کۆمەڵەی ژنە لە ناوەوەی وڵات بوون بە یەك و پەیوەندییان بە ئێمەی دەرەوە کردووە وەکو یەك دەنگ دژی سیستمی عەشیرەتگەری و ئیهانەکردنی ژنان بەو شێوە نەشیاوە بینەوە . پێدەچێت ژنانێك هەبن وابزانن ئەوە تەنها ئیهانەیە بۆ دوو کوژراوەکە و بلێن خێزانەکەی خۆیان بەو ئیهانەیە ڕازی بوون , بەلام لە ڕاستیدا جارێکی دی کوژران و ئەتککردنی سەرجەم ژنانی کوردە بە دەست مزلی لە شانەکان و سەرانی هاوکاری عەشیرەتگەری , ئیهانەی یاسا و سەرەوەری یاسییە , ئیهانەی سەرجەم مرۆڤایەتییە .ئەوە تەنها ئەرکی ژنان و رێکخراوەکانی ژنان نیە دژی ئەو نەریتە تۆزگرتووە فیودالیزمەی زەمەنێك بوو کاڵ بووبووەوە و ئەمرۆ دەسەلاتی مۆدێرن فیودالیزمی کورد تۆخی کردەوە, ئەرکی پارێزەران و فەرمانبەرانی دادگا ودەزگاکانی مافی مرۆڤ و ئەندامانی مافی مرۆڤە رێگە بە پێشێلکردنی یاسا و نەوی کردنی یاسا نەدەن بۆ دامێنی تاوانباران .ژنان لە بارودۆخی وادا و لە سایەی عەشیرەتگەریدا ئیتر بۆ دەبێت سکالا و گلەیی بێ بەشکردنیان بکەن لە دەسەلات , کە ئەوان بێ بەشکراوون لە مرۆڤ بوون نەك کالا بوون و کرین و فرۆشتن , ئەوان بێ بەشکراوون لەوەی سالانێکە هەوڵی بۆ دەدەن .
ئەوەی لە 15 پازدە ساڵی ڕابردوودا ژنانی کورد و رێکخراوە مرۆیی و دادوەریەکان کردوویانە , تەنها یەك هەنگاو هاویشتن بووە بەرەو هەوڵدانی بەرقەرارکردنی یاسا , هەنگاوێکی ساکاری دانپیانانی ژن وەکو مرۆڤ لە یاسا مەدەنیەکاندا, بەلام ئەمرۆ پاش ئەوەی کیشەی دوژمنایەتی حزبی نەما, ئەو دوژمنایەتیە بووبوو بە هۆی هەنگاونانێکی ساکار, بەرەو دوا و خاڵی سفر گەڕایەوە , ئەمەیە یاری کردن بە هەوڵ و تێکۆشان و کەرامەتی ژن, تاك , یاسا ,شارستانیەت و کۆمەڵی دیموکراسی .
هاندانی ڕێکەوتنی عەشایەرگەری لە کردنی تاوانەکە گەورەترە و کەسی هاندەر لە تاوانبارەکە تاوانبارترە .بێ دەنگ بوونی دەزگا بەرپرسەکانیش تاوانێکی گەورەتر . بەلام تاوانبار و تاوانکردن مرۆڤەکان شەرمەزار ناکات و ناخاتە بەر لێپرسینەوەی خود , چونکە لە کوردستاندا مرۆڤی تاوانبار و گەندەڵ کراوە بە سیمای مرۆیی و شارستانی کۆمەڵی کوردی .

## ژنانی کورد و ژنانی رۆژئاوا

ژنانی رۆژئاوا به هەمان ئەو قۆناغانەدا تێپەڕیوون کە ژنی کوردی پێدا تێدەپەڕێت , بەڵام ئەوان زۆر زوو گەشتن به بنبڕکردنی , تەنها 45 ساڵ بەر له ئێستا ڕووداوی سەرسوڕهێنەر له گەڵ ئەو ژنانه ڕوویداوە کە خاوەنی هزر و تیوری زانستی بوون و خزمەتی سەرجەم مرۆڤایەتیان بە دۆزینەوەی تیوری نوێ کردوه , بەڵام دانیان پێدا نەنراوە ,لەوانە دوو کارەسات باس دەکەم ,, ئەوانیش یەکەمیان(روزئالیند فرانکلین OSALIND FRANKLINR) ئەم خاتوونە یەکەم کەس بوو تیوری بۆ ماوەیی ( الورثه) دۆزییەوە و تیورەکانی خۆی لە سەر بونیاد نا ,بەڵام هاوڕێیەکی پیاوی بە ناوی (موریس ویلکیتز MAURICE WILKINS) بە دزییەوە ماندووبوون و هەوڵەکانی رۆژئاڵێندی دا بە دوو پیاوی دی (جیمس واتسون GAMES WATSON& فرانسیس کریك FRANCIS CRICK) ئەم دوو پیاوە به هەوڵەکانی فرانکلین لە ساڵی 1962 دا نۆبلی کیمیایان وەرگرت , ئەو کات فرانکلین لە تەمەنی 38 ساڵیدا بە شێرپەنجەی مەمك مردبوو , ئەوەی مافی فرانکلینی پاراست , بڵاوکراوە و خەبەر بوونەوەی ویژدانی مۆریس بوو لە یادەوەریەکانیدا . (Mek Clintokمك کلینتوك)یش کە یەکێك بوو لە زانایانی بۆماوەناسی و کۆمەڵێ دۆزینەوەی نوێ خستە بواری زانستی بۆماوەناسی بە شێت و ناتەواو ناویان دەبرد هەتا دوو پیاو بە ناوی (فرانسوا جاکوب JACOB FRANCOIS & و جاك مونود ONODM JACQUES) لە ساڵی 1961 بیرو باوەڕی زانستی ئەوییان گواستەوە پاش چوار ساڵ هەردووکیان خەڵاتی نۆبڵیان لە سەر وەرگرت , هەتا ئەو کاتە جیهان بەو داهینەرە زانستیەی کلنتۆکی نەزانی و نرخی بۆ دانەنا هەتا ساڵی 1983 و بەر 9 ساڵ لە مردنی ئەو کاتەی گەشت بە تەمەنی 81 ساڵی مافی خۆی درایە و نۆبڵی پزیشکی وەرگرت .

گەر لە بۆشایی نێوان هەردوو هەڵویست بڕوانین , 22 ساڵە , ئەو 22 ساڵە تەنها واتای باوەڕبوون بە ئازادی و توانای ژنی نەگەیاند , بەڵکو واتای رزگاربوونیشی گەیاند لە کۆمەڵێ کۆت و بەندی نادروستی پیاوی سالاری , گەیاندنی بوو بۆ ئامانجەکانی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و فەرهەنگیەوە . بەڵام رێڕەوی وەرچەرخانی ژنی کورد و کۆمەڵی کوردی لە 15 ساڵی ئازادیدا , پازدە ساڵی شۆڕشی تەکنەلۆژی و شارستانیەتی تەکنەلۆژیدا کە لە پرۆژە بازرگانیەکی سیاسیەکاندا گەشتووە بە لوتکە و دۆزەخێکی بازاڕی ڕەشی لە ڕێگەی بازرگانی مۆدێرنەوە بۆ هاوڵاتیانی و هەژاران کورد بەرپاکردووە, بەڵام لە مەسەلەی ژنان و مافە سیاسی و مرۆیەکانیاندا هەوڵەکانیان کراوە بە بارانی بەهار و تەنها لە وەرزی پێویستی سیاسیدا دەبارێت .

## دەرئە نجامی فریادڕەس

ژنانی رۆژئاوا لە ڕێگەی تەئەمولکردنی فریاد ڕەسەوە بەهرەمەند نەبوون بە ماف و ئازادییەکانیان , بەڵکو لە ڕێگەچارەی مەعریفیەوە بووە بۆ کیشەکان و هەنگاوی پراکتیکی خێرا و جدی ,ژنی رۆئاوا کە باسی مافی ژن دەکات ,گرنگ ئەوەیە لە ژنەکەی بەرانبەری کە بۆ هەمان مەبەست قسە دەکات تێبگات دەڵێ چی , شوناسی خۆیان وەکو شوێن و فەرهەنگ ناناسێنن , ئەوان بە دووی بەهانەی بوونی دیاردەکاندا ناگەڕێن بە دوای چارەسەری هەنوکەییدا دەگەڕێن ,هەر بۆیەش زوو توانیان کۆمەڵێ کیشەی کۆمەڵایەتی خۆیان بنبڕبکەن و مافی سیاسی و فەرهەنگیشیان بەراورد نەکرێت لە گەڵ پیاو . بە هەزاران ڕێکخراوی ژنان لە ئەوروپادا هەیە و هەموویان مۆڵەت و هاوکاری مادی و مەعنەوی و یاسای بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان لە حکومەت وەردەگرن , کەسیشیان نەهاتوون مەسەلەی خۆیان وئەو ئامانجەی کاری بۆ دەکەن بخەنە بەر سازش و مەترسییەوە لە پێناوی حکومەت و ئەو دەسەڵاتانەی هاوکاری مادی و مەعنەوی و یاساییان دەکات , چونکە لە بنەمادا ئەوان دەزانن حکومەت بە دەنگی ئەوان بۆ نوێنەرایەتی و خزمەتی ئەوان دروست بووە , حکومەتیش دەزانێت ئەوەی دەیکات بۆ

هاوڵاتی و دەیداتێ مافی خۆیەتی و بەرهەمی ئەو خاك وووڵاتەیە لە گەڵ شوناسی ئەوان ناوی دێت ,پێی وایە ئەو یارمەتی ژنان دەدات بۆ ئەوەی رەخنەی لێ بگرن و داواکاریان هەبێت و چاوی بکەنەوە بەرانبەر کەم و کوڕیەکان. هیچ هاوڵاتیەك ناگات بە خاکی ووڵاتێکی رۆژئاوایی و خاوەنی هەمان ماف نەبێت , بەڵام لە بەر ئەوەی دەسەڵاتی کوردی عەشیرەتگەریە منەتی مووچە و هاوکاری بە سەر هاوڵاتیاندا دەکات , منەتی هاوکاری رێکخراو و دام دەزگاکان دەکات , گەر رەخنەگریش بن سڕینەوەیان تیوریەکی ئامادەیە , لە تیورەکانی سیستمی ستەمکار و دیکتاتۆر . کۆمەڵیش لە بەر ئەوەی کۆمەڵێکی عەشیرەتگەرە زەمینەی ئەو منەتبارکردنەیان بۆ خولقاندوون و بە مافی خۆیانی نازانن . ژنان عەشیرەتگەر تر پێیان وایە ئەو دەسەڵاتە پیاوسالارییە فریادرەسی ئەوانە و بە بێ بوونی ئەوان ئەمانیش بوونیان نیە , پێویستە چاو لە بەر و منەتباربن چونکە دەسەڵات هاوکاری مادی دەکات و دەرگای خۆ دروستکردنی لە سەرەتاوە لێکردوونەتەوە .

ژنانی کورد پێویستە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ژندا خۆیان رێك بخەن و بێنە دەرێ لە ژێر چەتری پیاوسالاری دەسەڵاتی فیودالیزم و وەکو هیزێکی کۆمەڵایەتی , هیزێکی ژنان , دەسەڵات ناچار بکەن بە تەرخانکردنی بودجە بۆیان , ناچاری بکات تێکۆشانەکانیان ژێر پێ نەخات و کەرامەتی مێیەتیان بە ساتۆری عەشیرەتگەری لەت نەکات. هێزی ژن تەنها لە هۆشیاری و پلانی مەعریفانەدا خۆی نابینیتەوە , بەڵکو لە یەك دەنگی و یەك پلانیشدایە , ئەوان گەر یەك هێزبن زۆر بە ئاسانی دەتوانن ببن بە بەشێکی لە دەنگی بزوتنەوە جیهانیەکان , پشتگیری جیهانی بە دەست بهێنن , بەڵام نەك ئەوەیان بە شێوەی بنەڕەتی پێناکرێت , بەڵکو لە کیشە هەنوکەیەکانیشدا پێیان ناکرێت . لە سەر ئەو رێکەوتنەی عەشیرەتگەریەی لە سلیمانیدا خوێنی دوو ژنی پێ وونکرا , دەبوو ژنان هەموو بە یەك دەنگ دژی بوەستانایە و دەنگیان بگەیاندایە بە جیهان ,چاوەڕوانم دەکرد بە هەزاران واژوو کۆبکرێتەوە بگات بە ئەوانەمان لە دەرەوە کار دەکەین بۆ ئەوەی بڵێن تا ئێرە و بەس پیاڵەی سەبرمان لێی دەرژێت , . با کەس دڵخۆشکنەکردنی دوژمنانیش نەکات بە بەهانە ,چونکە دەسەڵاتدارانی کورد خۆیان دڵی دوژمنانیان بە کورد خۆشکردوە. بەڵام کە ئەوەشیان نەکردووە دیسان لە عەشیرەتگەرییەوە کراوە , چونکە خەڵکی عەشیرەتگەر دەڵێ کیشەی من و کەم و کوڕیەکانی ماڵەکەم نابێت دەرەوەی پێی بزانێت و نابێت کەسی دی دەستی تێوەردات ,ئەوەی ڕوو دەدات لە ناو خێڵی مندا هەڵەش بێت هەر بەرگری لێدەکەم , هەر لەو ڕوانگەیەشەوە هاوسەرگرتن تەنها لە نێو قەبیلەی خۆیاندا ڕوو دەدات . رۆشنبیران , ژنان , پارێزەرانی مافی مرۆڤ و دادگا سەرجەمیان بەو بێ دەنگیەیان ڕاستی خێڵەکیەتی و نابەرپرسیارەتی خۆیان دەسەلمێنن. ئەو بێ دەنگانە چۆن دەتوانن جارێکی دی بە رێکەوتنامەیەکی لەو جۆرە کە لە دیهاتەکانی کوردستاندا و لە نێوان خەڵکی ساکاردا ڕوو دەدات دژی بوەستنەوە , گەر نەتوانن دژی ئەوەی دەسەڵات بوەستنەوە , چۆن شەرم ناکەن داوای پۆست و مافی سیاسی بکەن کە مافی مرۆڤ بوون و دانپیەدانیان وەکو مرۆڤ نیە .

ئەوانەی پرسی کۆمەڵی مەدەنیان کردووە بە غەم , ئەرکیانە ئەمرۆ بە پلانێکی جیاوازتر بێنە ڕوو , رێگە نەدەن دنیای هاوچەرخ بوون بۆ تاکی کورد بکرێت بە دۆزەخێکی ڕەوشتی و مرۆیی و گوزەر کردن لێوەی ئەستەم بێت .مرۆڤی کورد و ژنی کورد بە تایبەت دەبێت ئەوە بزانن پازدە ساڵ چەق بەستنی کورد لە دۆخێکدا بۆ ڕۆژئاوا 30 سی ساڵ دەکات , چونکە لە ڕووی تێکۆشانەوە ئەو کات و بۆشاییەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەیەتی بۆ بیرکردنەوە و خۆ رێکخستنی فکری و مرۆیی و مرۆڤی ڕۆژئاوایی نیەتی , زەمەنی ڕۆژئاوا تیژ پەڕ ترە و ڕۆژهەڵاتیش خاو و بەتاڵ . لێرە کە تیدەکۆشێت بۆ ڕووبەرێکی مرۆیی , کاتی تێکۆشانەکە لە کاتی ژیانی تایبەتی خۆت دەبچڕێت , چونکە تێکۆشانی بۆ کاری مرۆیی بژێوی ژیان و مووچەت بۆ دابین ناکات کە هەموو کاتی خۆتی بۆ تەرخان بکەیت , بە پێچەوانەی کوردستان کە دەبێت بە پیشە , لە گەڵ ئەوەشدا ئەو پیشەیە ناتوانێت سوود بەخش بێت , ئەوەش پەیوەندی بە چوهەرەوە هەیە , جەوهەری ڕۆئاوایی لە کارکردندا تەژی کراوە بە مەعریفە و جەوهەری ڕۆژهەڵاتیش بە خورافە .

Canada

July29,2006

**ئەم بابەتە بۆ تەوەری ژن و دەسەڵاتی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی نووسراوە**